# عێراق: بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ

ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. 10 (28ی تشرینی دووەم– 4ی کانوونی یەکەم 2016)

OCHA

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادە کراوە. لەبەر گۆڕانی بارودۆخەکە بە هەرەمەکی، ئەگەری هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەم ڕاپۆرتە دانراون گۆڕانکاریان بەسەردابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری 11ی کانوونی یەکەم بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان




Map Sources: OCHA, CCCM, IOM DTM, Clusters
The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations. Map created on 5 December, 2016

- 82,068 کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون، زیاتر لە 8,000ئاوارەی گەڕاوە و بە سەدان و هەزاران هاووڵاتی زیان بەرکەوتوو لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان پێویستیان بە هاوکاریە.
- زۆربەی زۆری یەك ملیۆن کەس دەخەملێندرێن کە دەستیان بە هاوکاری مرۆیی ناگات لە موسڵ. کۆمەڵگای مرۆیی زۆر نیگەرانە بۆ سەلامەتی ئەو خەڵکە هەروەك ڕاپۆرتەکان باس لە کورتهێنانی خۆراك و ئاو دەکەن کە بەردەوامە لە گەشەسەندن.
- بریندارانی کۆستی دەروونی لە نێوان هاووڵاتیان زیادی کردووە بە ٧ هێندە لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، لەگەڵ ٤١٠ کەس بریندار بوون بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کەوتنە بەر تەقەکردن و مینەکان و بۆمبارانەکان و گولە تۆپ.
- نیگەرانیەکانی پاراستن پێناسەی قەیرانی موسڵ دەکەن. 115 کچ و کوری بێ هاوەڵ تۆمارکراون بۆ بەدواداچوونیان لەلایەن کارمەندانی کۆمەڵایەتیەوە. زیاتر لە 57,600 کەس دەستیان پێگەێندراوە بە پێدانی خزمەتگوزاریەکانی پاراستن لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم.

| 43,000 | 82,000 | 49,000 | 164,000 | 224,000 | 239,000 |
|---|---|---|---|---|---|
| شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان | کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان و کۆمەڵگا خانەخوێییەکان | کەس ڕاوێژکردنە پزیشکیەکانیان وەرگرتووە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس کەل و پەلەکانی ناوماڵیان وەرگرتووە لەوانە پێداویستیەکانی وەرزی زستان (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس خۆراکیان وەرگرتووە کە بۆ ماوەی یەك مانگ بەش دەکات (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) | کەس پاکێجەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاویان وەرگرتووە کە پێك دێن لە خۆراك و ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم) |

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە

پلەکانی بەستووی وەرزی زستان و بارانی بەخوڕ کەش و هەوایەکی ناخۆشی تازەی هێناوە بۆ ئەو کەسانەی کە زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی قەیرانی موسڵ، هەروەك کۆی گشتی ئاوارەبوون دەگاتە 82,068 لەم هەفتەیە. نیوەی دانیشتوانی ئاوارەبووان بریتین لە منداڵانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی، بەبێ هیوان و پێویستیان بە جل و بەرگی گەرم و شوێنێکی وشکە تاکو تیایدا بخەون. لە خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان، ڕەشماڵەکان ٨٠ لەسەدای خێزانەکان نیشتەجێ دەکەن لە دووری کەش و هەوای سارد. لە دەرەوەی خێوەتگەکان، ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەمێننەوە و ئەو هاووڵاتیانەی کە زیانی زۆریان پێگەیشتووە لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان ئەوانیش پێویستیان بە پەناگەی پارێزراو و بەتانیەکان و نەوتە بۆ گەرم کردنەوە وە هەروەها پێویستیان بە کەل و پەلەکانی تری گەرم کردنەوەی ناوماڵە لەو کاتەی وەرزی زستان لە باکوری عێراق دەستپێدەکات.

زیادبوونی ژمارەی قوربانیان لە ڕێژی هاووڵاتیان لە ناو شاری موسڵ وا لە هاوکارانی کاروباری مرۆیی دەکات کە خێرا بکەن لە گەیاندنی چاودێری ڕاتەکانی دەروونی بۆ نزیکتر لە بەرەکانی جەنگ. لە نێوان ١٧ی تشرینی یەکەم و ٣٠ تشرینی دووەم، 1,246 کەس بە هۆی تەقەکردن و مینە چێندراوەکان و بۆمبارانەکان و گولە تۆپەکان بریندرابوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون بۆ چارەسەری زیاتر لە نەخۆشخانەکانی هەولێر. هەروەها منداڵانیش لە نێوان قوربانیەکانن، لەگەڵ ٣٦ منداڵ ڕاپۆرت کراون کە کوژراون و ١٢ی تریش بریندراربوون لە پارێزگای نەینەوا لە مانگی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم. ئەو ئاسانکاریە پزیشکیانەی کە ئێستا لەبەردەستدان ماندووبوون. لە سەنتەری چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە

ئەل زەهرا لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، کارمەندانی تەندروستی چاویان دەکەوێت بە زیاتر لە 1,000 نەخۆش لە ڕۆژێکدا، لەوانە ١٠ بۆ ١٥ نەخۆش کە برینداربوون بەهۆی گولە تۆپەکانەوە. بەهۆی سنورداری لە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە ناوچەکە، سەنتەری چاودێری تەندروستی سەرەتایی خزمەتی ٩ گەڕەکی دیکە دەکات بە کۆی دانیشتوانی نزیکەی 150,000 کەس. هاوکارانی کاروباری مرۆیی پەلە دەکەن لە هێنانی چاودێری ڕاتەکانی دەروونی بۆ نزیك لەبەرەکانی شەڕ بۆ پێدانی باشترین هەلی ڕزگارکردنی هاووڵاتیانی برینداربوو.

کورتهێنانەکان لە ئاوی هەڵگیراو وەك کێشەیەکی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ و لە ناوچەکانی تر کە ئازادکراونەتەوە وەك حەمام عەلیل. تانکەری ئاو بە شێوەیەکی مەزن دڵنیایی دەدات لە دابین کردنی ئاوی خواردنەوەی خاوێن. هاوکارانی کاروباری مرۆیی کاردەکەن بۆ چاککردنەوەی کارەبا بۆ وویستگەیەکی سەرەکی چارەسەری ئاو لە سەلامیە کە ئاوی خواردنەوەی لە بۆڕیکراو خەزن دەکات بۆ ڕۆژهەڵاتی موسڵ. کۆمەکیەکانی کلۆر هێنراونەتە ئەو شوێنە بۆ خاوێن کردنەوەی سەرچاوەکانی ئاوی پیسبوو و نۆژەنکردنەوەی بیرەکان کە لەوانەیە بتوانێت چارەسەری ئاوی ماوە درێژ دابین بکات.

تەنها 7,500 کەس تازە ئاوارەبوون لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. بە پشت بەستن بە بەرەوپێشوەچوونەکانی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان، لەوانەیە ئاوارەبوون بەخێرایی زیاد بکات لە ڕۆژەکان و هەفتەکانی داهاتوودا. جولانەوەکانی ئاوارەبوونی موسڵ بەردەوامە لە ئاڵۆزبوون و بە شێوەیەکی زۆر تێکەڵ بووە لەگەڵ گەشەسەندنی قەیرانی حەوێجە، لە پارێزگای کەرکوك. زۆربەی زۆری 1,000 کەس لە حەوێجەوە گەیشتوونەتە خێوەتگەی ئەل عەلەم/ ڕوبیدە لە پارێزگای سەلاحەددین لە هەفتەی ڕابردوو. هەروەها خێوەتگەی گەیارە جەدعەش خێزانانی ئاوارە لەخۆدەگرێت کە بەهۆی بەردەوامی نەبوونی ئەمن و ئاسایش لە حەوێجەوە ئاوارەبوون. بە هەماهەنگی کردن لە نزیکەوە لەگەڵ حکومەت، توانای خێوەتگە گەشە دەسەنێت ڕۆژ بە ڕۆژ، لەگەڵ، هەماهەنگی کردن و چاودێریکردنێکی تەواو و لە ناو گۆڕەپان لە بنیاتنانی خێوەتگە و لەگەڵ سوپاسیش بۆ پلاندانانی هاوبەشی کرداری پتەو لەگەڵ سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران. هەوڵە تایبەتەکان بەردەوامیان هەیە لە دڵنیایی کردنەوەی کە کەمترین ستاندەرەکانی مرۆیی دەگونجێن لەگەڵ سەرانسەری کەرتە سەرەکیەکان، بەتایبەتی لەگەڵ پەناگە و ئاو و تەوالێت و حەمام، بۆ گەیاندنی بەهاناوەچوونی فرە کەرتی گروپەکان لە خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان.

دامەزراندن و بەردەوامیدان بە دەستگەیشتنی مرۆیی وەك کێشەیەکی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە بۆ دڵنیایی کردنەوەی دابەش کردنی کۆمەکی لە نزیك بەرەکانی جەنگ. لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئاو و کۆمەکی پاك و خاوێنیان بە پەلە دابەشکرد بۆ 2,000 خێزان لە ئەل شورە. کەل و پەلەکانی وەرزی زستان، لەوانە بەتانیەکان و خاولیەکان، هەروەها دەستی گەیشتووە بە 2,700 خێزان لە ناوچەی ئەل شورە. لە نێوان ٢٨ و ٣٠ تشرینی دووەم، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران سەرکردایەتی کردووە لە کۆمەکی وەرزی زستانە لە خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر و دیبەگە و گەیارە جەدعە بە دابەشکردنی 13,550بەتانی، 1,100 ڕەشماڵی خێزانی و زیاتر لە 2,000 تەباخ بۆ گەرم کردنەوە. لە هەمان کاتدا، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران نزیکەی 5,000 کارتۆنی خۆراکی خێزانی لە ناو خێوەتگەکان و لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دابەشکردووە. سەرەڕای ئەو هەوڵە بەردەوامانە بۆ گەیاندنی جۆری جیاوازی کۆمەکی لەو ناوچانەی کە نزیکن لە بەرەکانی جەنگ، هاوکارانی کاروباری مرۆیی بەردەوامن لە ڕاپۆرت کردنی بەرەنگاریەکانی دەستگەیشتنی مرۆیی. خەڵکانی زیان بەرکەوتوو لە بارودۆخێکی مەترسیدان و بێ هیوان و پێویستیان بە بەردەوامی هاوکاریە و کۆمەڵگای مرۆیی بەردەوامە لە بانگەشە کردن بۆ هەموو لایەنەکانی ناو ئەم ململانێیە بۆ دڵنیاکردنەوەی دەستگەیشتنی مرۆیی و ڕێگەدان بە گەیاندنەکانی کۆمەکی بۆ گەیشتن بە هەموو ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە.

## پاڵپشتی کردنی دارایی







هەروەك لە ٥ی کانوونی یەکەم، بڕی بەشداری کردنەکان بۆ بانگەشەی بەپەلەی موسڵ گەیشتۆتە $234.6 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی، کە نزیکەی لە سەدا ٨٣ی بڕی پێویست دەنوێنێت. ڕاپۆرتەکانی سەبارەت بە پاڵپشتی کردنی دارایی زیاتر لە پرۆسەدان بۆ پشتڕاستکردنەوەیان. لەگەڵ هاتنی بەشداریکردنەکان، هاوکاران بەردەوامن لە خێراکردنی هەوڵەکانی ئامادەکاری بۆ بەهێزکردنی توانای خێوەتگە و هاوکاری وەرزی زستانە و کۆمەکیە تەنگەتاویەکان. هاوکاران پلان دادەنێن بۆ کاری لەپێشینەی تازە کە دێنە پێشەوە تاکو بەهانای هەموو ئەو کەسانەوە بچن کە پێویستیان بە هاوکاریە. پاڵپشتی کردنی دارایی زیاتر پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی سەرهەڵدانی قەیرانێکی ئاڵۆز کە هێشتا دوورە لەوەی کە تەواو ئامادەکاری بکرێت بۆ خراپترین سیناریۆ. سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی $22.5 ملیۆن دۆلاری بەلاوە ناوە بۆ پاڵپشتی کردنی دارایی

بەهاناوەچوونی خێرا بۆ دابین کردنی هاوکاری هێلی سەرەکی و هاوکاری ڕزگارکردنی ژیان لە هاوکاری بۆ بەهاناوەچوونی موسڵ. پاڵپشتیە داراییەکانی سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی بە شێوەیەکی کاتی دەگرێتە خۆی بۆ هاوکاری کردنی یارمەتی زیاتر بۆ تەندروستی مێشك، چاودێری ڕاتەکانی دەروونی، چالاکیەکانی وەرزی زستان و دەستگەیشتن بە شوێنە تەنگەتاویەکان. داواکاری بۆ بەشداری کردنە جۆریەکان لە ڕێگەی میکانیزمی پاراستنی مەدەنی سەر بە یەکێتی ئەوڕوپا کۆمەڵێك، لەوانە 17,000 بەتانی و 1,000 ڕەشماڵ، دانراون کە بگەنە هەولێر لە هەفتەی داهاتوو، لە کاتی خۆی دەگات بۆ دابین کردنی کەل و پەلەکانی وەرزی زستان و پەناگە بۆ هەزاران خێزانی موسڵ. کۆی گشتی پێویستیەکانی پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٧، لەوانە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ، لە ئێستادا لە ژێر پێداچوونەوەن و لە ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەم  پێشکەش بە گروپی سەرەکی کۆمەکبەخشان دەکرێت. پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٦ بۆ هەموو عێراق تەنها ٧٨ لەسەدای وەرگرتووە لەو $861 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکیەی کە پێویستە بۆ دابین کردنی هاوکاری ڕزگارکردنی ژیان بۆ 7.3 ملیۆن عێراقی زیان بەرکەوتوو.

**Total Iraq funding 2016**




**US$1.1billion**
total requested by the Iraq Humanitarian Response Plan 2016 and Mosul Flash Appeal

**$861m**
requested by the Iraq Humanitarian Response Plan 2016

**$284m**
requested by the Mosul Flash Appeal

***$89.2m**
funding from the Iraq Humanitarian Pooled Fund to both appeals

# بەهاناوەچوونی مرۆیی

## میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە

**130,349**
کەس دەستیان پێگەێندراوە بە پێدانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم)

پێویستیەکان:

- ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ڕێگادان و پێویستیان بە هاوکاری بەپەلەی هێلی کۆمەکی سەرەکیە بەردەوام لە زیاد بوون دایە بە درێژایی شێوازەکانی ئاوارەبوون.
- خەڵکی لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان پێویستیان بە هاوکاری بەپەلەیە چونکە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان خاپووربوون.
- خێزانە ئاوارەکان لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە یان لە ڕێگادان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان پێویستیان بە هاوکاری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلەیە.

بەهاناوەچوون:

- لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 2,727 پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە بۆ 2,283 خێزان کە دەکاتە (12,267 کەس، لەوانە 6,011 منداڵ) دابەشکراون. زۆربەی ئەو ئاوارانەن کە دەگەیشتنە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و دیبەگە و قەیماوە (زێلکان).
- لەو کاتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێداویستیەکانیان بۆ 130,349کەس کە دەکاتە (67,414 منداڵ) دابەشکردووە لەوانە 23,177 کەس لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە. ئەو ژمارە کۆکراوەیە زیاترە لە ژمارەی تۆمارەکانی تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبوون چونکە لەوانە ئەو کەسانەی تیادایە کە ئاوارەبوون و ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان یان دووچاری چەندین جار ئاوارەبوون بوونەتەوە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێك نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

43,000

کەس دەتواندرێت نیشتەجێ بکرێن ئەمڕۆ لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان

پێویستیەکان:

- ٨٠ لەسەدای ئاوارەکان (بە نزیکەیی 66,000 کەس) پەناگەیان لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان دۆزیوەتەوە. ئەو کەسانەی کە دەمێننەوە مانەوەیان لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان و شوێنە نافەرمیەکان هەڵبژاردووە.
- ئاوارەبوون بەردەوام لە زیادبووندایە. خێوەتگەکانی حەسەن شام U3 و خازرM1 و قەیماوە (زێلکان) ئێستا پڕبوونەتەوە. ئەو ناوچانەی کە حکومەت فراوانی کردوون بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە ژێر بنیاتناندان. بەشی فراوانکراوی خێوەتگەی گەیارە جەدعە ئێستا ئاوارە تازە گەیشتووەکان وەردەگرێت.

بەهاناوەچوون:

- حکومەت و هاوکارانی کاروباری مرۆیی پەرە بە تێڕوانینێکی توانای هاوبەشی خێوەتگە دەدەن، بە بەرجەستەکردنی 43,000 شوێنی تاکە کەسی بۆ تازە گەیشتوان. شوێنی زیاتر بۆ نزیکەی 440,000 کەسی تر لە ژێر بنیاتناندایە یان پلانیان بۆ دادەنرێت.
- چەند کاروانێکی پلاندانانی شوێنەکە بەڕێوەچوون لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بۆ دەستنیشان کردنی شوێنی تازەی زیاتر.
- هاوکارانی کاروباری هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بەردەوامن لە هاوکاری کردن بۆ ئامادەکردنی شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گروپەکانی پەناگە و ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی و کەل و پەل و تەندروستی و ئاسایشی خۆراك و پاراستن و پەروەردە دەتوانن هاوکاری و خزمەتگوزاریەکان دابین بکەن.
- گروپەکە هاوکاری دەکات لە دامەزراندنی توانای زیاتری بەڕێوەبردنی خێوەتگە لەلایەن ئەو هاوکارانەی کە ئێستا کارەکە بەڕێوە دەبەن.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- لە دامەزراوە خێوەتگەییەکان، دامەزراندنی خزمەتگوزاریەکانی هاوکاری پێویستە لەسەر ئەو خێراییەی بمێنێتەوە لەگەڵ ئامادەکردنی شوێنەکان بۆ ڕەشماڵ، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو ئاوارانە دەستیان دەگات بە تەواوی ژمارەیەك لەو ئاسانکاریانە لە شوێنەکان. لە حاڵەتی لەناکاوی ئاوارەبوونی بە کۆمەڵ، ژمارەیەکی بەرچاو لە شوێنەکانی ڕەشماڵ لەوانەیە بەرجەستە بکرێن، بەڵام بەبێ خزمەتگوزارین.

## پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان

163,650

کەس دەستیان پێگەێندراوە بە پێدانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- خەڵکی لە ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوە خێوەتگەییەکان پێویستیان بە کەل و پەلە ناخۆراکیەکانە. ئەو گروپ و کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە لەوانە خێزانە ئاوارەکانی کە لە پەناگەی کاتیدا نیشتەجێن. ئەو کەسانەی تریش کە لەگەڵ خێزانە خانەخۆییەکان دەمێننەوە و کەسانی تری زیان بەرکەوتوو لە ماڵەکانی خۆیاندا دەمێننەوە.
- خێزانە ئاوارەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان پێویستیان بە پەناگەی گونجاوە.
- لەگەڵ گەیشتنی وەرزی زستان، پەناگەی پارێزراو و گەرمکەرەوە و نەوت و جل و بەرگی گەرم و بەتانیەکان بریتین لە پێویستیە لەپێشینەکان.

بەهاناوەچوون:

- لەو کاتەی دەستپێکی بەهاناوەچوون، 27,275 پێداویستی کەل و پەلی ناخۆراکی خێزانی لە ناو خێوەتگەکان و کۆمەڵگاکانی دەرەوەی خێوەتگەکان دابەشکرابوون. لەگەڵ پلەکانی سەرما کە ئێستا لە خوار پلەی بەستنەوەیە لە کاتی شەودا، 37 لەسەدای ئەو خێزانانە کە دەکاتە (10,135 سەرۆك خێزان) ئەوانیش کەل و پەلە سەرەکیەکانی وەرزی زستانەیان وەرگرتووە تیایدا لەوانە گەرم کەرەوەکان، گالۆنەکان بۆ نەوت و فەرشە گەرمەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەدا 83% ی کەدەکاتە نزیکەی 27,275 خێزان کەل و پەلەکانی تەواوکاری وەرزیان وەرگرتووە وەك پێڵاوەکان، مافورەکان، بەتانیە تەواوکەرەکان. بەمەش کۆی گشتی ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەستیان پێگەێندراوە بە پێدانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەو کاتەی ١٧ی تشرینی یەکەم دەگاتە 163,650 کەس.
- لەگەڵ ئەوەشدا،6,483 خێزان پێداویستیەکانی جل و بەرگی زستانەیان وەرگرتووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم.
- کۆی گشتی 17,210ڕەشماڵی خێزانی چەسپ کراون بۆ دابین کردنی پەناگە لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان. بۆ دابین کردنی چارەسەریەکانی ماوە کورتی شوێنی تەنگەتاوی بۆ ئەو کەسانەی ناو خێوەتگەکان لە کاتی گەیشتنیان، 2,794 پێداویستی پەناگەی تەنگەتاوی خێزانیش دابەشکراون. لەگەڵ ئەوەشدا، 1,400 پێداویستی داپۆشینی تەنگەتاوی ڕەشماڵ دابین کراون بۆ ئەو خێزانانەی کە لە دەرەوەی خێوەتگەن لەو باڵەخانانەی کە بەهۆی ململانێوە زیانیان بەرکەوتووە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هاوکاری بۆ خێزانە خانەخۆییەکان بریتی یە لە بۆ شاییەکی بەهاناوەچوون کە گروپەکە دەگەڕێت بەدوای پڕکردنەوەی.
- پێویستیەك هەیە بۆ هەماهەنگی کردنی زیاتر لەگەڵ هاوکارانی گروپی پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان کە لەدەرەوەی گروپەکە کارەکە بەڕێوە دەبەن بەردەوامە، لەگەڵ هەندێك بەرەوپێشوەچوونی بەخۆیەوە بینیوە.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

**224,000**

کەس دەستیان گەیشتووە بە وەرگرتنی پارچەکانی خۆراکی ٣٠ ڕۆژە لەوەتەی ١٧ تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لە موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری لەوانەیە پێویستیان بە هاوکاری خۆراك بێت لە مانگەکانی داهاتوودا.
- خێزانە ئاوارەکان پێویستیان بە هاوکاری خۆراکی ئامادەکراوە بۆ خواردن لە کاتی گەیشتنیان بە شوێنەکانی پشکنین و خێوەتگەکان، و هاوکاری بەدواداچوون لە جۆری پارچەی خۆراکی مانگانە.
- خەڵکانی زیان بەرکەوتوو لە ناوچە ئازادکراوەکان، لەوانە خەڵکانی زیان بەرکەوتوو، هاوولاتیان و کۆمەڵگا خانەخۆییەکان پێویستیان بە خۆراکی ئامادەکراوە بۆ خواردن بۆ بەهاناوەچوونێکی بەپەلە کاتێك دەستگەیشتنی مرۆیی دەکرێت ئەنجام بدرێت و هاوکاری زیاتر لە جۆری پارچەکانی خۆراکی ووشك بۆ تەواوکردنی هاوکاری حکومەت.
- لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان، خێزانەکان ڕاپۆرت دەکەن سەبارەت بەوەی کە دەرفەتەکانی دامەزراندنی سنوردار هەن و بەرزبوونەوەی نرخەکانی خۆراك بریتین لە نیگەرانیە سەرەکیەکانیان. ئەو خەڵکانە زۆرجار دەستیان ناگات بە سیستەمی دابەشکردنی خۆراکی گشتی.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی گروپ پارچەکانی خۆراکی ووشکیان دابەش کردووە بۆ 7,974 خێزان کە دەکاتە (38,618 کەس)، لەوانە 8,972 ئاوارە لە چوار خێوەتگەکانی (خازر M1، خازر M2، حەسەن شام U3 و گەیارە جەدعە) و 29,646 کەسی زیان بەرکەوتوو لە ٢٨ کۆمەڵگای تازە ئازادکراو.
- هاوکارانی گروپ 14,270 ژەمە گەرمەکانیان بۆ ئاوارەکان دابەش کردووە لە خێوەتگەکانی خازر M1، خازر M2، حەسەن شام U3 دیبەگە.
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران زیاتر لە 5,000 پارچەی خۆراکی ووشکی دابەشکردووە بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لەوانە بۆ ( کۆمەڵگاکانی ئەل خەزرا، گەرمکی ئەهدەن، ئەلقاهیرە) و خێوەتگەی دیبەگە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- گروپەکە بەردەوامە لە بەهێزکردنی هەماهەنگی لە نێوان هاوکاران بۆ دابین کردنی هاوکاری خۆراك لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێ بگەیێندرێت، لەوانە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. هەوڵەکان بەردەوامیان هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە سەرچاوەکان زیادکراون بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە مرۆییەکان لە ناو گۆڕەپان.

## تەندروستی

**49,270**

ڕاوێژکردنی پزیشکی جێبەجێ کراون لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- 82,000 ئاوارە، زیاتر لە 8,000 ئاوارەی گەڕاوە، بە سەدان و هەزاران کەسی زیان بەرکەوتوو لە ناوچە ئازادکراوەکان پێویستیان بە چاودێری تەندروستیە. هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چەند پێکهاتەیەکی تەندروستی زیانیان پێگەیشتووە. لە هەندێك ناوچەی دیاریکراو، کورتهێنانی ستافی پزیشکی و دەرمانەکان و کۆمەکیە پزیشکیەکان هەیە.
- لەو کاتەی شەڕەکە گەیشتۆتە ناوچەکانی موسڵ کە هاوولاتیان تێدا نیشتەجێن، ژمارەی ئەو قوربانیانەی کە پێویستیان بە چاودێری ڕاتەکانی دەروونی و ڕەوانەکردنە بۆ نەخۆشخانە بۆ ئاستی دووەم و سێیەمی چاودێری کردن بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 410 بریندار ڕاپۆرت کراون، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بریندارانی گولە، بریندارانی مین و بریندارانی گولە تۆپ، حەوت هێندەی ئەو ژمارەیەی کە لە ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پێشوو هەبوو.
- هەروەك ناوچەی زیاتر لە موسڵ دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت لە ماوەی هەفتەکانی داهاتوودا، پێشبینی دەکرێت کە 200,000 کەسی تر پێویستیان بە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی تەنگەتاوی دەبێت. ئەو کەسانەش لەوانە نزیکەی 40,000 کەس کە پێویستیان بە دەستپێشخەریە بەپەلەکان و چاودێری نەخۆشخانە دەبێت و 8,000 ئافرەتی دووگیان پێویستیان بە خزمەتگوزاریەکانە بۆ منداڵبوون و چاودێری کردنی منداڵی تازەبوو.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 454 حالەتی پزیشکی ڕەوانەکراون بۆ ئاستی دووەم و سێیەمی چاودێری کردن، ژمارەکە نزیکەی دوو هێندە زیادی کردووە لە ماوەی ڕاپۆرت کردنی پێشوو لە (21 تا 27ی تشرینی دووەم).
- خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان بۆ زیاتر لە 50,000 کەس کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ ژیان دەگوزەرێنن دابین کراوە لە ڕێگەی سەنتەری چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە ئەل زەهرا، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی نەینەواوە بەڕێوە دەبرێت. لە بەهاناوەچوون بۆ پێویستیەکانی چاودێری ڕاتەکانی دەروونی لە سەنتەری چاودێری تەندروستی سەرەتایی، هاوکارانی گروپ یەك پێداویستی ڕاتەکانی دەروونی کە (بەشی ٢٥٠ دەستپێشخەری دەکات)؛ ١٠ پێداویستی سەرەکی تەندروستی تەنگەتاوی فرە کەرت کە بەش

دەکات بۆ 10,000 کەس بۆ نزیکەی سێ مانگ؛ دەرمانەکان و چارەسەریەکان؛ و کۆمەکیەکان بۆ ژووری منداڵ بوون بۆ هاوکاری کردنی تەندروستی دایکایەتی. هاوکارانی زیاتری تەندروستی جولەیان پێدەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان لە نزیك یان لە ناو ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بۆ دابین کردنی چاودێری ڕاتەکانی دەروونی زیاتر.

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەڕێوەبەرایەتیەکانی تەندروستی پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و نەینەوا، و هاوکارانی کاروباری تەندروستی، 16,148 ڕاوێژکردنیان ئەنجام داوە، لەوانە 3,401 ڕاوێژکردن بۆ منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵی، و 2,081 ڕاوێژکردنی چاودێری تەندروستی ئافرەتانی دووگیان.
- دەسەڵاتدارانی تەندروستی 3,259 کوتانیان دژی نەخۆشیەکانی سۆریکە و ئیفلیجی بەڕێوەبردووە.
- هاوکارانی گروپی تەندروستی خزمەتگوزاریەکان بۆ خێزانە ئاوارەکان دابین دەکەن لە خێوەتگەکان و شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان لە (خێوەتگەکانی گەیارە جدعە، خازرM1 ، حەسەن شام U3، قەیماوە، و شوێنی نەرگیزلیە بۆ پشکنینی ئاوارەکان). و خەڵکانی زیان بەرکەوتوو لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت. ١٠ لە پێداویستیەکانی تەندروستی تەنگەتاوی فرە ئاژانس دابین کرابوون لە خێوەتگەی خازر بۆ هاوکاری کردنی پێویستیەکانی تەندروستی سەرەتایی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەوڵەکان لە ڕێگادان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پلانەکانی چاودێری بەهاناوەچوونی ڕاتەکانی دەروونی و گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویستیەکانی ئەو خێزانانە پەردەکاتەوە کە ڕادەکەن. نەخۆشخانەی حەمدانیە بریتی یە لە نزیکترین نەخۆشخانە بۆ ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ شاری موسڵ، بەڵام لە ئێستادا کارناکات بەهۆی زیانەکانەوە، نەبوونی ستاف، ئامێر، و کۆمەکیە پزیشکیەکان. ئەمن و ئاسایش وەکو کێشەیەك دەمێنێتەوە بۆ گەیاندنی دەرمانەکان و پێداویستیەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.
- دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی هاوکاری تەندروستی مێشك و دەروونی و کۆمەڵایەتی لە ناو خێوەتگەکان و لەو ناوچانەی کە تازە دەتواندرێت دەستیان پێبگەیێندرێت پێویستە زیاد بکرێن.
- دەستگەیشتن بە دەرمانەکان و چارەسەری بۆ نەخۆشەکانی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە پێویستە دڵنیابکرێنەوە.

## ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی

پێویستیەکان:

**300,000**
کەس ئاوی خواردنەوەیان وەرگرتووە لە ڕێگەی تانکەری ئاو لە ناوەوە و دەوروبەری ڕۆژهەڵاتی موسڵ

- 66,000ئاوارە لە ناو خێوەتگەکان پێویستیان بە خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمامە.
- هەڵسەنگاندنەکان لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ ئاماژە بەوە دەکەن کە کورتهێنانێکی ڕاستەقینە هەیە لە ئاوی خواردنەوەی پاك. سیستەمی کۆمەکی ئاوی شارەوانی کار ناکات، و خەڵکی پشت دەبەستن بە بیرەکان و ئاوی چارەسەرنەکراوی ڕووبارەوە.
- لە حەمام عەلیل، وێستگەی چارەسەری ئاو بە شێوەیەکی بەرچاو زیانی پێگەیشتووە، و ئاوی ڕووباری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێندراوەتە ناو سیستەمی دابەشکردن. ئەمەش مەترسیەکی ڕاستەقینە بۆ تەندروستی هاووڵاتیان دروست دەکات.

بەهاناوەچوون:

- تانکەری ئاوی تەنگەتاوی بۆ 300,000 کەس لە ڕۆژی ١ی کانوونی یەکەم دەستی پێکردووە. 300 مەتر سێجا ئاو لە تانکەر کراوە بۆ ماوەی یەك مانگ، بە کردنە ئامانجی ١٠ لیتری ئاو بۆ هەر کەسێك ڕۆژانە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ.
- لەو کاتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، تانکەری زیاتری ئاو لە ١٧ شوێنی دەرەوەی خێوەتگە دەستی گەیشتووە بە 63,552 کەس.
- بەلایەنی کەمەوە 65,599 ئاوارە کە دەکاتە (10,933خێزان) خزمەتگوزایەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام وەردەگرن لە ناو خێوەتگەکان و شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان.
- 21,286شوێنی ئامادەکراوی ئاو و تەوالێت و حەمام ئامادەکراون لە سەرانسەری ١٢ خێوەتگە و شوێنە تەنگەتاویەکان. 282 شوێنی ئامادەکراوی ئاو و تەوالێت و حەمامی تریش لە شوێنەکانی گواستنەوەی کاتی ئاوارەکان ئامادەکراون، بۆ خزمەتکردنی 129,408 ئاوارە.
- بنیاتنانی ژێرخانی ئاو و خاوێنکردنەوە لە قۆناغی یەکەمی شوێنی تەنگەتاوی حاج عەلی دەستی پێکردووە، لەگەڵ پێشبینی دەکرێت کە لە ڕۆژەکانی داهاتوودا تەواوبکرێت.
- گروپێکی کارکردن بۆ وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاو دامەزراوە بۆ هەماهەنگی کردنی هەوڵە بەپەلەکان بۆ دڵنیاکردنەوەی کۆمەکی کردنی ئاو، و بۆ بە ستراتیجی کردنی ماوە درێژی نۆژەنکردنەوە کە پێویستە بۆ بەردەوامیدان بە گەیاندنی خزمەتگوزاری جۆری.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- چارەسەری زیاتری بەردەوامی بەپەلە پێویستن بۆ دابین کردنی ئاوی هەڵگیراو بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و ئەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە.
- دابین کردنی ئاو لە وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاو پشت دەبەستێت بە دابین کردنی کارەبا. هەندێك لە وێستگەکان بڕی زۆری گازوایل بەکاردێنن بۆ مۆلیدەکان و دابین کردن و دووبارە دابین کردنی گازوایل دەبێت پێشبینی بکرێت لە ماوەیەکی کورت.

- چەسپ کردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام پێویستە لەسەر ئەو خێراییەی بمێنێتەوە لەگەڵ بنیاتنانی شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ ئامادەکردنی بە ڕێك و پێکی بۆ هەر زیادبوونێك لە ژمارەی ئاوارەبوون.

## پاراستن

**پێویستیەکان:**

57,602

پیاو و ئافرەت و کوڕ و کچ دەستیان پێگەێندراوە بە دەستپێشخەریەکانی پاراستن و خزمەتگوزاریەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

- ئاوارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان و هاووڵاتیانی زیان بەرکەوتوو کە ئاوارە نەبوون پێویستیان بە پاراستنە. سەرۆك خێزانە ئافرەتەکان، ئافرەتانی دووگیان، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، منداڵان و بەساڵاچووان بەتایبەتی لاوازن و زیانیان پێگەیشتووە.
- هەڵسەنگاندنێکی بەپەلەی پاراستن لە خێوەتگەی گەیارە جەدعە ئەوەی دۆزیوەتەوە کە هەندێك لە ئاوارە تازەکانی کە زیانیان پێگەیشتووە و دووچاری ڕێگریەکان بوونەتەوە لە ئازادی جولانەویان و دەستیان نەگەیشتووە بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان.

**بەهاناوەچوون:**

- لەو کاتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 6,581 منداڵ کە دەکاتە ( 3,195 کچ و 3,386 کوڕ) کە هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. 7,797منداڵی تر کە دەکاتە (4,047کچ و 3,750 کوڕ) و 2,169 خێزان کە دەکاتە (1,134 ئافرەت، 1,035 پیاو) فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. 47 منداڵی تری بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەیان کە دەکاتە (20کچ و 27 کوڕ) تۆمارکراون لەلایەن کارمەندانی ئەم پرسە بەدواداچوونیان بۆ کراوە، بەمەش کۆی ئەو منداڵانە دەگاتە 115منداڵ (33کچ و 82 کوڕ).
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 1,562کەس زانیاریان وەرگرتووە لەسەر کەمکردنەوەی مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و خزمەتگوزاریەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی تەنگەتاوی دابین کرابوون بۆ 708 ئافرەت، لەگەڵ 1,047 حالەتی ڕەوانەکردن بۆ نەخۆشخانە بۆ چاودێری تایبەت، لەوانە بەڕێوەبردنی حالەتی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. لەو کاتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 3,024 ئافرەت هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی تەنگەتاویان وەرگرتووە، 1,816ئافرەت ڕەوانەکراون بۆ چاودێری تایبەت.
- لەو کاتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 3,514 کەسی تر دەستیان پێگەێندراوە بە پێدانی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی گشتی و 288 حالەتیش ڕەوانە کراون لەلایەن تیمە گەڕۆکەکانی پاراستن بۆ هاوکاری تایبەتی.
- هاوکارانی کاروباری گروپی هەڵگرتنەوەی مین دەستیان گەیشتووە بە 9,129 کەس بە فێرکردنی پەروەردەی مەترسی ماددە ژەهراویەکان و تەقەمەنیەکان و 1,344 کەس بە هاوکاری کردنی قوربانیانی مین بە پێدانی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی. لقی گروپی پاراستن مەشقکردنی هۆشیارکردنەوەی تەنگەتاویەکان دابین دەکات لە بارەی مەترسی ماددەی ژەهراوی بۆ هاوکارانی کاروباری مرۆیی جیبەجێکار.
- 15هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن لەو کاتەی ١٧ی تشرینی یەکەم جێبەجێ کراون بۆ دەستنیشان کردنی پێویستیەکانی پاراستن لە خێوەتگە و دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگە. لە نێوان ٢١ و ٢٧ی تشرینی دووەم، یەك هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن لە خێوەتگەی گەیارە جەدعە بەڕێوەچوو.
- ئامادەیی هاوکارانی کاروباری پاراستن لە خێوەتگەی گەیارە جەدعە بەردەوامی پێدراوە.

**بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:**

- چاودێری کردنی سنورداری پاراستن و خزمەتگوزاریەکان لە ناوچە تازە ئازادکراوەکانی باشوری موسڵ وەك بۆشاییەکی بەرچاو دەمێنێتەوە.
- بەبێ هەبوونی میکانیزمەکانی پێکهاتنەوەی کۆمەڵگا، پاراستنی کاریگەر و خزمەتگوزاریەکان بۆ ئەو کەسانەی وا دادەنرێن کە دەستیان هەبێت لەگەڵ داعش بەردەوام زیانیان پێدەگات.
- دڵنیاکردنەوەی هاووڵاتیان لە خەسڵەتی شوێنەکانی ئاوارەبوونی دیاریکراو کە بریتی یە لە ڕێگریەکی گەورە لە باشوری موسڵ.
- هاوکارانی تایبەتی پاراستن دەستیان بەکارکردووە لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان لەسەر لەخۆگرتنی ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن. کارکردن بەردەوامە لە تواناپێدان بەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن و ئەو کەسانەی کە بەساڵاداچوون تاکو دەستیان بگات بە خزمەتگوزاریە باوەکان بە شێوەیەکی زۆر ئاسانتر.
- بۆشاییەکی بەرچاو هەیە لە چالاکیەکانی پاراستنی منداڵان کە هەرزەکاران لە کوڕ و کچان دەکاتە ئامانج.
- خزمەتگوزاریەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئاوارەکان هێشتا تەواو بەشیان ناکات بۆ پڕکردنەوەی هەموو پێویستیەکان.
- پێویستی زیاتر دەبێت فەراهەم بکرێت بۆ باشترکردنی توانای دەستگەیشتن بە قوتابخانەکان لەلایەن کچان و کچانی هەرزەکار، باشترکردنی شوێنی حەمامی تایبەت بۆ پیاوان و ئافرەتان، و دامەزراندنی شوێنی سەلامەتی چێشتلێنان لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

**8,689**
کوڕ و کچ دەستیان بە خوێندن کردووە لە ١٣ ژینگەی فێربوونی کاتی

- لە نێوان دانیشتوانی ئاوارە، 27,228 منداڵ لە دەرەوەی قوتابخانەن.
- ژمارەیەکی نەزانراو لە منداڵان لە کۆمەڵگا تازە ئازادکراوەکان پێویستیان بە پەروەردەیە، ساڵێکی تەواوی قوتابخانەیان لەدەستداوە یان دەستیان بە خوێندن کردووە لە ژێر دەسەڵاتی داعش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ.

بەهاناوەچوون:

- 2,662منداڵ کە دەکاتە (1,318کچ) تازە دەستیان بە خوێندن کردووە لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام.
- 285منداڵ کە دەکاتە (136 کچ) دەستیان دەگات بە خزمەتگوزاریەکانی پەرپێدانی منداڵانی سەرەتایی لە خێوەتگەی گەیارە جەدعە.
- دوو هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان جێبەجێ کران لەگەڵ 13 مامۆستا و 15 منداڵ لە قوتابخانەیەکی کۆمەڵگای خانەخوێ لە حەمام عەلیل. هەڵسەنگاندنەکە جێبەجێکرا بۆ پرۆژەیەك بۆ هاوکاری کردنی 12 قوتابخانە لە ناوچەکە کە زیاتر لە 6,000 منداڵ دەکاتە ئامانج.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- 18,539منداڵی ئاوارەی تر کە تەمەنی قوتابخانەیان هەیە لە ئێستادا دەستیان بە پەروەردە ناگات.
- بۆشاییەکان لە پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ چالاکیەکانی پەروەردە لە ناوچەکانی دەرەوەی خێوەتگە توانا سنوردار دەکات بۆ خێراکردنی هاوکاری لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان، لەو شوێنەی کە منداڵان لە دەرەوەی قوتابخانە بوون بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ.
- نەبوونی مامۆستایان لە هەندێك لە خێوەتگەکان بەردەوامی هەیە کە زیانی گەیاندووە بۆ بەهاناوەچوون، و دوو دەوامی پەیڕەو دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ڕێگریەکانی جەنجاڵی لە هەندێك لە شوێنەکانی فێربوونی کاتی.
- پێداویستیەکانی وەرزی زستانەی ژینگەکانی فێربوونی کاتی پێویستە خێرا بکرێن.
- لە خێوەتگەی حەسەن شام U3، شوێن بۆ چالاکیەکانی پەروەردە بە نارێکی دەمێنێتەوە. هاوکارانی گرووپی پەروەردە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدار بانگەشە دەکەن بۆ زیادکردنی شوێنی پەروەردەیی.

## کەل و پەلەکان

بەهاناوەهاتن:

**7,017 مەترسێجا**
لە کۆگای کەل و پەلی ناخۆراکی ڕادەستکراون بە ناوی ١٧ ڕێکخراو

- لەو کاتەی ٢٧ی تشرینی دووەم، 1,250 مەتر، کە دەکاتە(7,017 مەتر سێجا) لە شتومەك و کەل و پەلی ناخۆراکی بەناوی 17 ڕێکخراوی مرۆییەوە ڕادەستکرا کە بەهانای ئۆپەراسیۆنی موسڵەوە دەچن.
- شوێنی کۆگا لە حاج عەلی لە ئێستادا کاردەکات بە توانای 640 مەتر سێجا. شوێنی 640 مەتر سێجای تر زیادکراوە بۆ شوێنی کۆگای باو لە بنکەی ئاسمانی گەیارە. کۆگای باو لە خێوەتگەی خازر فراواندەکرێت بە 1280 مەتر سێجا.
- میکانیزمێك بۆ پاکانەی گومرگ بۆ شت و مەك کە دێنە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئێستادا کراوەیە و پێشبینی دەکرێت کە دەست بەکاربێت لەم هەفتەیە.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ میکانیزمی پاراستنی مەدەنی سەر بە یەکێتی ئەوروپا، گرووپی کەل و پەل ئامادەکاری دەکات بۆ پاکانەی گومرگ بۆ بەشداریە جۆریەکانی کە دێنە ناو هەرێم لەلایەن وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا.
- گرووپی کەل و پەل بەردەوامە لە هاوکاری کردنی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بە گواستنەوەی ڕەشماڵە خێزانیەکان بۆ بنکەی ئاسمانی گەیارە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دابینکردنی توانای کۆگا لە ناوچەکە. کۆی گشتی 1,600 ڕەشماڵی خێزانی گواستراونەتەوە بەناوی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تاکو ئەمڕۆ.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هێشتا سەرچاوەیەکی پاڵپشتی کردنی دارایی پێویستە دەستنیشان بکرێت بۆ پڕکردنەوەی تێچووی خەمڵێندراوی $5.8 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ چاککردنەوەی پردی ئەل گەیارە.

## پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

بەهاناوەچوون:

5
شوێن بە پێدانی هاوکاری ڕادیۆی گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بۆ بەهاناوەچوونی موسڵ

- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان کاروانێکی هەڵسەنگاندنی جێبەجێ کردووە بۆ خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر بۆ بریاردان لە پێویستیەکان بۆ و ئەمن و ئاسایشی خزمەتگوزاریەکانی پێکەوەبەستنی هێلی ئینتەرنێت و پەیوەندیە فریاگوزاریەکان.
- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بەردەوامە لە دابین کردنی مەشقکردن لەسەر ڕادیۆ بۆ هاوکارانی کاروباری مرۆیی، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە کاروانە مەیدانیەکان جێبەجێ دەکەن بۆ خێوەتگە تازەکان. لە کاتێکدا کە بارودۆخی ئەمن و ئاسایش زۆر دژوارە، توانای بەکارهێنانی ڕادیۆکان و ئەنجامدانی پشکنینی ڕادیۆ زۆر گرنگە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان

بەهاناوەچوون :

ڕۆژانە
بەدواداچوونی ئاوارەبوون بۆ قەیرانی موسڵ

- دەستپێشخەری ڕێکخراوی REACH هەڵسەنگاندنی خێرا و توانای نەخشەدانان دابین دەکات لە تەواوی ناوچەکانی کە دەتواندرێت دەستیان پێبەگێندرێت، لە بەدواداچوون بۆ پێویستیەکان، زانیاری کەسی و جولانەوەکانی ئاوارەبوون. لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، ڕێکخراوی REACH ڕاپۆرتێکی تازەی دەرکردووە لەسەر تێروانینی ئاوارەبوونی خێرا لەسەر خێوەتگەی خازر کە دەستنیشانی پێویستی دەکات بۆ زیادکردنی چاودێری تەندروستی، ئاوو تەوالێت و حەمام و پێداویستی وەرزی زستانە. هەروەها ڕێکخراوی REACH تێروانینێکی مرۆیی بڵاوکردۆتەوە لەسەر حەوێجە و ناوچەکانی دەوروبەری.
- تۆمارکەری بەدواداچوونی تەنگەتاوی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی بەردەوامە لە دابینکردن زانیاری ڕۆژانە لەسەر ئاوارەبوون لە ڕێگەی پۆرتاڵی خۆی لە موسڵ.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

# هەماهەنگی کردنی گشتی

لەسەر ئاستی ستراتیجی، سێیەم کۆبوونەوەی تیمی ڕاوێژکاری باڵا کە تیایدا لەوانە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی سەربازی و ڕێکخەری مرۆیی بەڕێوەچوو لە ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەم. تیمی ڕاوێژکاری باڵا دڵنیایی دەدات لە تەواوی هەماهەنگی لە نێوان هەموو هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. خانەیەکی تەنگەتاوی کە پێك دێن لە ئاژانسەکانی سەرکردەی گروپەکان کە لە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ کاردەکەن و لەلایەن ڕێکخەری مرۆییەوە هەفتەی سێ جار کۆدەبنەوە. تیمی مرۆیی لە وولات وەکو پێکهاتەی ستراتیجی هەماهەنگی دەمێنێتەوە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ تێروانینی بەهاناوەچوونی مرۆیی لە عێراق. لەسەر ئاستی کرداری، زنجیرەیەك لە سەردانە مەیدانیەکان لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و ئۆچا و گروپەکانی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە و ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی بۆ شەش خێوەتگە و شوێنی تەنگەتاوی لە نێوان ٢١ و ٢٦ی تشرینی دووەم بەڕێوەچوون. سەردانەکان زیاتر هەماهەنگی بەهێزدەکەن بۆ دابین کردنی ئارامی و شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ خێزانە ئاوارەکان. گروپی هاوبەشی کارکردن، کە پێك دێن لە سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ئۆچا هەفتەی جارێك کۆدەبنەوە بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی کرداری بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. ئۆچا سەنتەرێکی ئۆپەراسیۆنی مرۆیی لە هەولێر دامەزراندووە. سەنتەری ئۆپەراسیۆنی مرۆیی هەماهەنگی لە نێوان گروپەکان و ڕێکخەرانی ناوچەکان و ڕێکخەری مرۆیی بەهێزدەکات. چوارچێوەیەکی هەماهەنگی مرۆیی مەدەنی – سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری دەکات بۆ دەستگەیشتنی مرۆیی، پاراستنی هاووڵاتیان و ئەمن و ئاسایشی کارمەندانی کۆمەکی مرۆیی.

ئەو دیوی قەیرانەکە

توندوتیژی فراوان و ململانێ ی چکداری لە عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤سەری هەڵدا. لە سەرەتادا لەسەر پارێزگای ئەنبار، لەگەڵ شارەکانی ڕومادی و فەللوجە جەختی کردەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت زیانیان پێگەیشت، توندوتیژیەکە و کاریگەریەکەی بە خێرایی تەشەنەی کرد، کە بووە هۆی ئاوارەکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لە مانگی ئایار. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش، بەیەکەوە لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، هێرشیان کرد و کۆنترۆڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان کرد موسڵ، بەشێکی زۆری باکوری عێراق، لەوانە پارێزگاکانی ناوچەکانی دیالە و کەرکوك و نینەوا و سەڵاحەددین. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامی ململانێ ی چەکداری، ئاوارەبوونی بەلێشاوی ناوخۆیی، پێشێلکردنەکانی ڕاستەقینە و سیستەماتیکی پاراستنی هاووڵاتیان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، پچڕاندنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و کۆت و بەندی خراپ لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان. وەك دەرەنجامێك، عێراق لە ئێستادا دووچاری یەکێك لە گەورەترین قەیرانە مرۆییەکان دەبێتەوە لە جیهان، لەگەڵ زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. زیاتر لە ٤ ملیۆن عێراقی لە ناوخۆ ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، ٣,٣ ملیۆن کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن:

بۆ پرسیاری ڕاگەیاندن، کەریم ئەلکورانی، elkorany@un.org, Tel: +964 790 193 1292

بۆ پرسیاری تر: لویس باربەر، barber@un.org

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن : www.reliefweb.int

بۆ زیادکردن یان لابردن لە لیستی ئیمەیڵ: http://bit.ly/2dDYK3D